## باو و باپیری تایفەی دێبوکری

"عەبدوللا خان مکری": ئەوە عینوانی وتارێکە کاک "قادر فەتاحی قازی" لە ژمارە ١٢٣ ی "نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه آذرابادگان" (پاییزی ساڵی ١٣٥٦) دا نووسیویەتی و پاشان بە شێوەی نامیلکەیەکیش بڵاو کراوەتەوە.

وتارەکە باسی "عەبدوللا خانی موکری" کوڕی بوداق خان دەکات و بوداق خانیش لە ساڵی ١٢٠١ ق [٧ – ١٧٨٦ ز] حاکمی سابڵاغ بووە (ناوی سابڵاغ لە ساڵی ١٣١٤ ش = ١٩٣٥ ز دا کراوەتە مەهاباد). بە گوێرەی نووسەر عەبدوللا خان لە ماوەی حکوومەتی خۆیدا هەمیشە لەگەڵ "ئاغاواتی دێبوکری" لە کێشە و شەڕ و هەرا دا بووە و لە ١٦ ی ربیع الثانی ١٢٥٦ هەباس ئاغای دێبوکری لە سابڵاغ کوشتووە. بەو بۆنەیەوە بەیتێکی فۆلکلۆری گوتراوە کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

*خالق! هەر تۆ بێ فکری*
*ڕەبی! هەر تۆ بێ فکری*

بەیتەکە هەندێ ئاماژەی بە ناوچە و کەسانی خەڵکی موکریانی تێدایە:

*هەباساغای دێبوکری　　بابی قەرەنی و قادری ...*
*یاغی بوون دێبوکریانە　　هەباساغا گەورەی وانە*
*دارەڵەک بە قوڕێ گیراوە　　ئاو زۆرە دەڵێی سێڵاوە*
*جوابێکی نارد بۆ حەمامیان　　لەشکر بێت وەکوو بای زریان*

لە پەراوێزی لاپەڕە ٤١٤ و ٤١٥ شدا لە زمان نەمر عومەرئاغای عەلیارەوە گوتراوە:
"باپیرەگەورەی تایفەی دێبوکری، ئەحمەد ئاغا" بووە.
کوڕی ئەحمەد ئاغا ناوی عارەب ئاغا بووە و
کوڕی عارەب ئاغا ش بەیرەم ئاغا.
بەیرەم ئاغا لە دیاربەکرەوە هاتۆتە موکریان لە دێبوکری ئێستا نیشتە جێ بووە.
بەیرەم ئاغا پێنج کوڕی بووە بەم ناوانە: ڕەسووڵ، سلێمان، شێخ ئاغا، ئەحمەد و مامە سوور.
ڕەسووڵ ئاغاش سێ کوڕی بووە بە ناوی عەباس، مەعرووف و محەمەد.
معرووف ئاغا حەوت کوڕی بووە بە ناوی حاجی محەمەد ئێلخانی، ئەحمەد، سلێمان، گوڵاوی، مامەند سوڵتان و برایم.
حاجی محەمەد ئاغای ئێلخانی کوڕی معرووف ئاغا سێ کوڕی بووە بە ناوەکانی : مەحموود ئاغا، عەلیاغا عەلیار(ئێلخانی زادە) و حاجی بایزئاغا ... .
مادده تەئریخی مردنی عەباس ئاغا دێبوکری، وشەی "روغن" ە کە دەکاتە ساڵی ١٢٥٦.
نشریه دانشکده ادبیات و وعلوم انسانی دانشگاه آذربادگان، پائیز ٢٥٣٦، سال ٢٩، شماره مسلسل ١٢٣